گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/art039.a1891

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 03/09/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 09/10/2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/06/2025

# بنیاتی هونەریی زمانی قەسیدەکانی سالم

طالب ابوبکر طاهر[1] - عسمان حمد دەشتی[2]

osman.hamad@koyauniversity.org - talibtaher@gmail.com

[1] بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا باسی بنیاتی زمان کراوە و گرنگیی زمان لەگەیاندنی واتاو مەبەست خراوەتەڕو، هەروەها ئەوەش خراوەتەڕوکە بێ زمان ناتوانرێ هیچ ماناو مەبەستێک بگەیێنرێ بە بەرامبەر. ئینجا باسی زمانی قەسیدە کراوە لای سالم و جیاوازی لەگەڵ زمانی غەزەلدا خراوەتەڕو، هەروەها فەرهەنگی زمانی قەسیدەکانی سالم یەک بەیەک خراونەتەڕو لەگەڵ ڕەمز لەقەسیدەکاندا کە هەریەکەیان جۆرە ڕەمزێکی جیاواز بەپێی ناوەڕۆک و مەبەستی قەسیدەکە لەخۆدەگرن. قەسیدە ئاینیەکانی سالم فەرهەنگ و ڕەمزو زمانیی تایبەتیان هەیە، کە ڕەمزەکان و فەرهەنگەکەش لە بابەتە ئاینییەکانەوە سەرچاوەیان گرتوە یان لەفەرهەنگ و ڕەمزی قەسیدە وەسفی و نیشتمانییەکانی، کەقەسیدە نیشتیمانییەکان زیاتر فەرهەنگەکەیان باسی شەڕ و شۆڕ و وێرانکاری خوێنڕێژی و داگیرکاریی داگیرکەرانی کوردستان پیشاندەدەن و ناوی شوێن و کەسایەتیەکان و وشە و ڕەمزەکان تەواو کوردین و قەسیدە وەسفییەکانیش ئازایەتی و سوارچاکی سەرکردەکانی بابان یان گەورەیی پێغەمبەری ئیسلام دەخەنەڕو، هەچی قەسیدە کۆمەڵایەتییەکانن، باسی هەندێ ڕەوشت و خوی خراپ دەکەن وشەکانیش و ڕەمزەکانیش لەم چوارچێوەیەدان.

بەشێوەیەکی گشتی فەرهەنگ و زمانی قەسیدەکان و ڕەمزی نێو قەسیدەکان جیان بەپێی ئەو مەبەست و ناوەڕۆکەی بۆی بەکارهاتون. ئەوەش ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێ کە فەرهەنگی زمانی زمان و ڕەمزی شیعری نەک هەر لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیایە، بەڵکو لە شیعری شاعرێکیش لە مەبەستێکەوە بە مەبەستێکی تر جیایە. زمانی غەزەل جیایە لەزمانی قەسیدەو زمانی قەسیدە جیایە لە شیعری داشۆرین و مەبەستەکانی تر. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو لەناو یەک مەبەستیشدا کە قەسیدەیە، لەقەسیدەیەکەوە بۆ قەسیدەیەکی تر جیایە بەپێی ناوەڕۆکی قەسیدەکە.

وشە کلیلیەکان: بنیاتی زمان، زمانی قەسیدەکانی سالم، فەرهەنگی زمانی قەسیدەکانی سالم، ڕەمزی شعری، قەسیدەی شەڕوشۆڕ.

# The Artistic Creativity of Language in Salm's Qasidas

Talib Abubaker tahir[1] - Othman Hamad dashty[2]

[1]Sulaimani General Directorate of Education, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The research has mentioned the construction of language and its importance in transmitting purpose, Al's indicated that without language meanings and purpose can't be transferred to others. Then it is mentioned how Salem has described language of Qasida and the difference with the ghazal language Salm's dictionary of Qasida one after one with its allusion in it, which each of them include a different sort of hint,has been shown.in one side, Salm's religious Qasida s own special dictionary and linguistic characters that are symbols and his linguistic dictionary is linked to the religious subjects or patriotically that the dictionary of patriotic ones are mentioning wars, distruction of bloodshed and conquering of Kurdistan's conquerer and the name of places, noble people,words and symbols are pure Kurdish and his describing Qasida indicate Baban leader's bravery and knighthood or the greatness of Islam prophet, in other side ،his social Qasida show good behaviors and bad habits and the words and allusions are in this circumstance.

generally, the culture and language of the Qasida and the symbols in the Qasida are different according to the theme and purpose for which they are used.This tells us the fact that the dictionary (culture) of language and poetic symbols differ not only from poet to poet, but also from poet's poems to another. Language of ghazal differ from Qasida and language of Qasida is different from hajoo and it's purpose even from a Qasida to another according to the content.

**Keywords:** construction of language, language of Qasida, Salm's dictionary of Qasida, symbols, social Qasida.

## پێشەکی

قەسیدە پێگەیەکی گرنگی هەیە لە ناو ئەدەبیاتی کلاسیدا بەگشتی و لەناو شیعرەکانی سالمدا بەتایبەتی، چونکە یەکێکە لەدو هونەرە سەرەکیەکەی قاڵبی شعری کلاسیکی کە سەدان پارچە شیعری پێنوسراون، ئەوانیش غەزەل وقەسیدەن. هەروەها قەسیدە لای سالم دوەم هونەری شیعرییە دوای غەزەل کە زۆرترین مەودای شیعری داگیرکردبێت و گرینگترین بابەتی شیعریی پێدەربڕابێت، کە شیعری نیشتمانی و شەڕوشۆڕ و پاشان وەسف و ئینجا شیعری ئاینی لەخۆگرتوە.

زمان یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکیەکانی شیعر، چونکە بەبێ زمان ناتوانرێ هیچ ماناو مەبەستێک بگەیێنرێتە بەرامبەر، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا باسی زمان و بنیاتی هونەریی زمانی قەسیدە کراوە و پاشانی بەنمونەی قەسیدەکانی سالم ئەمە ڕونکراوەتەوە. لەباسی بنیاتی زماندا باسی زمان بەگشتی و فەرهەنگی زمان و ڕەمز وەک کەرەستەیەکی گرنگی زمانی کراوە و جیاوازی فەرهەنگ و ڕەمزەکانی زمان لەقەسیدەیەکەوە بۆ قەسیدەیەکی تر خراوەتەڕو، بۆ ئەم مەبەستەش بابەتەکە کراوەتە چەند تەوەرێک، کە لەتەوەری یەکەمدا باسی زمان و گرنگیی زمان بەگشتی کراوە و پاشان باسی زمانی قەسدەکانی سالم کراوە ئینجا لەتەوەری دوەمدا باسی فەرهەنگی زمانیی قەسیدەکانی سالم کراوەو لەتەوەری سێیەمیشدا باسی ڕەمز لەقەسیدەکانی سالمدا کراوە.

### ئامانجی توێژینەوەکە

١-پیشاندانی گرنگی بنیاتی زمانە لەشیعردا بەگشتی و بەتایبەت لەقەسیدەدا.

٢-پیشاندانی جیاوازیی زمانە لە قەسیدەیەکەوە بۆ قەسیدیەکی تر بەپێی بابەت و ناوەڕۆکی قەسیدەکان.

### ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفیی شیکارییە، کە بنیاتی هونەریی قەسیدە خراوەتەڕو پاشان بەنمونەی قەسیدەکانی سالم نمونەی بۆ هێنراوەتەوە و شیکردنەوە بۆ زمان و فەرهەنگی زمان و ڕەمز لەقەسیدەدا کراوە.

## ١- زمانی شیعری

کاتێك باسی شیعر دەکرێ، ئەوا بەبێ زمان بونێکی نابێ، چونکە شیعر ئەگەر خۆی مانا و مەبەست و پەیامێك بێ، ئەوا دەبێت لەڕێی زمانەوە گوزارشت لەو پەیام و مەبەستە بکرێ، کەواتە زمان سەرەکیترین کەرەستە و پێکهاتەی شیعرە کە بتوانێ ببێتە هۆکاری گواستنەوەی واتا لەنوسەر و شاعیرەوە بۆ خوێنەرو وەرگر. خوێنەر لەڕێی زمانەوە نەبێ ناتوانێ لە مەبەستی شاعیرو نوسەربگات. بێگومان دەق لەڕێی زمانەوە خۆیمان بۆ واڵادەکات و هەر لەڕێی زمانەوە لەکاتی دەق ودۆخی دەق و دۆخی دەرونیی نوسەر تێدەگەین و تەنانەت دەتوانین درک بەژیانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری نوسەر بگەین. کەواتە دەبێ لەوڕاستییە تێبگەین کە بەبێ زمان هیچ دەقێک بونی نابێت و هیچ پەیامێک تواناى گوێزانەوەی نابێت (دەق پێکهاتەیەکی زمانی خاوەن واتایە، ئامانج لێی پەیوەندیکردنە لە ماوەیەکی دیاریکراو لە کاتدا...) (نورالدين، 2010، 46). کەواتە هەر واتا و مەبەستێك کە هەیە لەڕێی زمانەوە گوزاریشتی لێ دەکرێ، و دەقی نوسراو لە چوارچێوەی وشەدا خۆی نمایش دەکات، ئامانجیش لێی پەیوەندیکردن وگەیاندنی پەیامێکە. ئەمە باسی زمانە بەگشتی کە پەیامێك لەخۆدەگرێ. بۆیە گرنگیی زمان لەسەروی هەمو ڕەگەزەکانی ترەوەیە، زمانیش لەچینێکەوە بۆ چینێک و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی ترو لە دەقێکەوە بۆ دەقێک و لەنوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی تر جیایە، کە بێگومان زمانی ئاسایی جیایە لە زمانی ئەدەبی کە هەڵگری پەیامێکی قوڵ و شاراوەیە، یا بە واتایەکی تر هەڵگری واتای زۆرە لەڕێی (ڕەمز و خوازەوە...) چونکە هەر ئەو ڕەمزو خوازانەن کەزمانی ئەدەبی دروستدەکەن، ئەو زمانەی کە هەڵگری واتای زۆرو

مەبەستی قوڵ و فرە خوێندنەوەیە. لەهەمان کاتدا هەڵگری سۆزە، چونکە دەقی ئەدەبی گەر سۆزی لەگەڵ نەبێ هیچ لەزەتێک نابەخشێ (شیعر شێوەی باڵای زمانی سۆزە) (کۆهن، 1986، 196). کەواتە زمانی شیعری زمانی سۆزە، زمانێکی بەرز و پڕ ماناو مەبەستە. کە باسی زمان دەکرێت دەبێ چەند لایەنێکمان لەبەرچاوبێ کە لەچوارچێوەی زماندا خۆیان دەبیننەوە، کە ئەوانیش (فەرهەنگی زمانی، ڕەمز،...هتد)ن. هەر شاعیرێک بەپێی بارودۆخی ژیان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و مەبەستە شیعریەکەی فەرهەنگی زمان و ڕەمزەکانیشی دەگۆڕێن، تەنانەت لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر بەپێی مەبەستە شیعریەکەی فەرهەنگی زمان و ڕەمزەکان دەگۆڕێن، تەنانەت دەقی ئەدەبی و نائەدەبی جیان و زمانیان جیایە با بەیەک زمانیش نوسرابن (بێگومان زمانی ئەدەبی خاوەن وشە و فەرهەنگی تایبەت بە خۆیەتی) (فضل، 1998، 24). هەر لەوبارەوە کە زمان هۆکاری گواستنەوەی بیرە، بیروباوەڕی نوسەر لەڕێی زمانەوە بەخوێنەر دەگات. نوسەر هەر بیروباوەڕێکی هەبێت بەدەر لەزمان ناتوانین پەیپێببەین و لێی تێبگەین، چونکە زمان تاکە هۆکاری پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتنە، تاکە هۆکاری دەربڕین و گواستنەوەی بیروباوەڕەکانە، پیشاندەری ناخی شاعیرو نوسەرە و ئەوەی لەناخدایە لەڕێی زمانەوە نەبێ ناتوانرێ گوزارشتی لێبکرێ و کەسانی دەوروبەر لێی تێبگەن (زمان وا هەژماردەکرێ کە ئامرازی گواستنەوەی بیر و هەستەکانە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، مرۆڤ کاتێك قسە دەکا و هەندێك وشە دەردەبڕێ مەبەستیەتی گوزارشت لە خۆی بکات و سۆز و هەست و بیرۆکەکانی بگوازێتەوە لە ناوەوە بۆ دەرەوە) (عمر، 2018، 42). زمان بەتەنیا ئەم ڕۆڵە نابینێ، بێگومان ئەوەی زمان پڕواتا دەکات دەوروبەر و مەبەست و جۆری گوزارشتە. بە واتایەکی تر ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر، بارودۆخی ڕامیاریی و هزری، ژینگەی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی،... هەمو ئەمانە ڕۆڵیان هەیە لە پێدانی واتا بەدەق، چونکە دەقی زمانی تەنیا پێکهاتەیەکی وشەیی ڕوت نییە، بەڵکو وشەکان بارگاوین بەو بارودۆخە ژینگەییە ڕامیاریی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەی کە دەقی تیادا لەدایکبوە، هەر ئەمەشە وایکردوە کە دەق خوێندنەوەی فرەڕەهەند و جۆربەجۆری بۆ بکرێ و تەنیا یەک خوێندنەوە بەسنەبێ بۆ دەق (دەق تەنیا لە چەند یەکەیەکی زمانی پێکنایە، بەڵکو هۆکاری دەرەکی و دەوروبەر ڕۆڵی تێدا دەگێڕن لە بونیادنانی واتادا، دەقەکان لە بارودۆخێکی تایبەتدا بەرهەم دێن، بۆ مەبەستی تایبەت دەنوسرێن، بۆیە دەبێت چوارچێوەی گشتی و سیاقی دەق ڕەچاوبکرێ بۆ تێگەیشتن لە دەق) (نورالدین، 2010، 56). تەنیا ئەوەندەش نا، بەڵکو وشەکان زۆرجار دەبن بە هەڵگری واتا و مەبەستی تایبەت و لە واتای بنچینەیی خۆیان لادەدەن و سێبەری واتایی دروستدەکەن، تەنانەت زۆرجار وشە هەڵگری واتایەک یان دوان و سیانیش دەبێ، چونکە وشە کاتێک واتای خۆی بگەیێنێ و تەنیا واتایەکی یەک ڕەهەندیی هەبێت ئەوا شیعریەت بەدیناهێنێ، بەڵکو شیعریەت بەرهەمی بارگاوی بونی وشەیە بە واتای تر و واتای بارکراو، هەر ئەوەشە کە دەقی ئەدەبی دروست دەکات (ئەوەی ئەرکی گوزارشت و واتا دۆست دەکات تەنها لە وشەکاندا کورت هەڵنایە، بەڵکو شتیتر ڕۆڵی تێدا دەگێڕن و لایەنی هونەری تەواو دەکەن، کە ئەوانیش بەشێکی ڕەسەنی دەقی ئەدەبین، ئەوانیش، (ئاوازی وشەکان، سێبەری وشەکان، سێبەری هزری) و تەنانەت شێوازی چنینی دەستەواژە و ڕستەکان ڕۆڵ لە بونیادنانی واتا دەبینن) (قطب، 2003، 40) هەندێکجار وشەکان واتای زۆر لەخۆدەگرن و دەبن بە ڕەمز و وشەی خوازەیی و پڕواتا، شاعیر چەندە لە واتای ڕواڵەتی و سادە دورکەوێتەوە و بەرەو تەمومژ بڕوا ئەوەند زیاتر لە شیعریەت نزیك دەبێتەوە، چونکە شیعریەت بەرهەمی بارگاویبون و بارکردنی واتای زۆرە لە وشە و بەرهەمی دورکەوتنەوەیە لەواتای ڕاستەقینەو فەرهەنگیی وشە (شاعیر چەند لە مانا فەرهەنگیەکە دورکەوێتەوە، ئەوەندە زیاتر توانا و دەسەڵاتی شیعری دەردەکەوێت) (صابر، 2006، 287). ئەوەی جێی مەبەستی ئێمەیە، ئەوە بزانین ئاخۆ زمانی قەسیدە چۆن بوە؟ ئایا قەسیدە زمانە شیعریەکەی جیایە لە غەزەل و شیعری تر یان نا؟ بێگومان ئەگەر زمانی قەسیدە بریتیبێت لە زمانی خۆشەویستی و وشەی ناسك و جوان، یان دابڕان و هەستی دوری یار و بێوەفایی یار، ئەوا زمانی قەسیدە تەواو جیایە، چونکە قەسیدە خاوەن ناوەڕۆکێکی جیایە، قەسیدە بابەتی

(وەسف، ستایش، موناجات، بیروباوەڕ و فەلسەفە) لەخۆدەگرێ، ئەمەش وادەکات کە قەسیدە خاوەن فەرهەنگ و وشەی خۆی بێت (هەر دەقێک فەرهەنگی تایبەتی و کێڵگەی واتایی تایبەت بەخۆی هەیە... بۆیە دەکرێت فەرهەنگی شیعری بۆ خۆی ببێتە بنەمایەك بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی دەق) (میرزا تۆفیق، 2012، 149). ئێمە بەڕونی هەست بەوە دەکەین کە زمانی شیعری شاعیرێك جیایە لە شاعیرێکی ترو تەنانەت یەك شاعیریش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر خاوەن زمانی جیایە، چونکە هەر دەقێکی شیعری لەسەردەم و بارودۆخ و ژینگەیەکی تایبەت بەخۆیدا نوسراوە و بارودۆخی دەرونی و ژینگەی کۆمەڵایەتیی نوسەر بەرهەمیهێناوە، هەروەها جۆری دەق و ژینگەو بارودۆخی دەق و کاتی هاتنە دونیای دەق زمانی دەق دیاریدەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەگشتی ئەگەر باسی زمان بکەین لەدەقی ئەدەبیی کلاسیکیدا، ئەوا بریتیە لە زمانێکی تێکەڵ لە وشەی (عەرەبی و فارسی و تورکی) کە تێکەڵ بە کوردی کراون و بەڕونی سەردەم و جۆری پەروەردەو ڕۆشنبیریی شاعیرەکە دیاریدەکەن، کە پەروەردە و ڕۆشنبیرییەکە کە ئیسلامی بوە و فەرهەنگی زمانەکە تێکەڵ بوە. ئەمەش بەگشتی زمانی ڕۆشنبیریی سەردەمەکە بوە (لەڕوی فەرهەنگی زمانەوە دەبو فەرهەنگی ئەو سەردەمە بەکاربهێنرێ، کە تێکەڵەیەك بو لە وشەی زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و تورکیی عوسمانی) بەکارهێنانی وشەی بێگانە بەتایبەت لەو سەردەمەدا گەلێك ئاسایی و باوبو (سەعید، 2017، 27). زمانی نوسین لە کلاسیکدا زمانێکی تێکەڵ بوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر شاعیرێك خاوەن تایبەتمەندی و فەرهەنگی زمانی خۆی بوە، تەنانەت لەناو بەرهەمی شاعیرێکدا زمانی قەسیدە تەواو لە زمانی غەزەل جیابوە، چونکە هەریەك لەو دو بەرهەمە شیعریە بۆ مەبەستێکی تایبەت نوسراون. قەسیدە بەپێی ناوەڕۆکەکەی کە جیایە لەغەزەل، زمانی نوسینی جیا لە زمانی نوسینی غەزەل، ئەگەر غەزەل وشەکانی پڕبن لە هەست و سۆز و خۆشەویستی و وشەکانی ناسك و هەست بزوێن بن، ئەوا قەسیدە زمانەکەی پڕیەتی لە وشەی ئازایەتی قارەمانێتی و لاواندنەوە و وەسف و موناجات و... هتد. بەگوێرەی ناوەڕۆکەکەی، تەنانەت زمان لە قەسیدەیەکەوە بۆ قەسیدەیەکی تر تەواو جیاوازە بەپێی ناوەڕۆکی قەسیدەکە، تەنانەت هەر قەسیدەیە و خاوەنی فەرهەنگی زمانی خۆیەتی.

## ٢-زمان و بنیاتی زمانی قەسیدەکانی سالم

لەڕوی زمانەوە بەگشتی قەسیدەکانی سالم زۆرینەیان بەکوردی نوسراون و دەچنەوە سەر ئەو دیالێکتەی، کە شیعری کلاسیکی کوردی دیالێکتی ناوەڕاستی پێ نوسراوە، کە زمانێکی کوردیی تێکەڵ بەوشەی عەرەبی وفارسی تورکی بوە. بەگشتی سالم لە شیعردا پەیڕەوی ئەو ڕێبازەی کردوە کە نالی لەشیعر نوسیندا بەردی بناغەی داناوەو سالم و کوردی بون بە تەواوکەر و درێژەپێدەر و هەرسێکیشیان پێکەوە ڕێچکەیەکی تازەیان داهێنا (سالم لە هۆنراوە هۆنینەوەدا پەیڕەوی لە هۆنەرانی دەوری خۆی کردوەو لە ڕاستەقینەدا ئەتوانین بڵێین لاسایی ئەوانی کردوەتەوە) (بۆرەکەیی، 1375، 512).

بەگشتی سالم لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی دانەبڕاوە، کە زمانی نوسینی شیعری زمانی دیالێکتی ناوەڕاست یان بابانە، زمانێکی تێکەڵی موتربەکراوە بەوشەی عەرەبی و فارسی و تورکی، هەروەها زمانێکی چڕوپڕی تەندراوە بەڕەوانێژی و بارگاوی بەواتای زۆرو ڕەمزو خوازە، چونکە زمانی نوسینی ئەوسەردەم زمانی ڕۆشنبیری بوە، کەزمانی حوجرەو مزگەوتەکان بوە، و زمانێکی تاڕادەیەک جیابوە لەزمانی ئاسایی خەڵک (لە زۆر ڕووەوە بەرهەمی شیعری سالم لەگەڵ شیعرو بەرهەمی شاعیرانی هاوسەردەمەکەی، بەتایبەت نالی و کوردی یەك دەگرێتەوەو لەلایەنی فۆڕم و ڕوخسارەوە، وێکڕا جۆرە زمان و شێوازێکی شیعری تایبەتی کۆیان دەکاتەوە، کە دەتوانین ناوی بنێین شێوازی ساردەم یا شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی قوتابخانەی بابان) (دەشتی، 2021، 44).

بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە سالم شێوازو زمانی تایبەت بەخۆی نەبوبێ، چونکە سالم و نالی و کوردی بەیەك ئاڕاستەدا نەڕۆیشتون لە هۆنینەوەی شیعردا، چونکە ئەگەر نالی ڕێبازی شیعری عەرەبی گرتبێ وەک موسڵمانێکی شافیعی

ڕاڕەو(مذهب) ڕێی شافیعی لەشیعر و ئەدەبیاتیشدا گرتبێ و کاریگەریی عەرەبی زیاتر بەسەرەوە دیاربێ، ئەوا سالم خاوەنی شێوازێکی تایبەتی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کە گۆشکراوی ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی وڕاڕەوی شافیعیشی فەرامۆش نەکردوە، بەگوتنی شیعر بۆ حسن و حوسێن هەندێک توێژەر بەشوێنکەوتەو مەزهەبی شیعی دەیدەنە قەڵەم لەکاتێکدا ئەمە تەنیا هەستێکی خۆشەویستی سالم بوە بۆ نەوەکانی پێغەمبەر نەک پەیڕەویکردن لە ڕێبازی شیعە، بەڵام سالم دژی ئەوە بوە و بەشیعر ئەوەی ڕونکردوەتەوە:

ئەلوەداع ئەی موڵکی بابان ئەلوەداع
ئەلوەداع ئەی جانی جانان ئەلوەداع
وەک ئەسیری تورکمان دەمبەن بەزۆر
ئەلواع ئەی شاهی خوبان ئەلوەداع
موستەعیدم بۆ بیلادی ڕافزی
ئەلوەداع ئەی ئەهلی ئیمان ئەلوەداع
دەشتی هیجرت تاڵە وەک دەریایی قیر
ئەلوەداع ئەی میهری ڕەخشان ئەلوەداع
ڕوبەڕوی مەشریق ئەچم بۆ موڵکی ڕەی
ئەلوەداع ئەی قیبلەیی جان ئەلوەداع (کەسنەزانی،١٣٩٦، ٢٥٥)

لەم پارچە شیعرەدا سالم بەڕونی ئاماژە بەوەدەکات کە بەرەو ڕۆژهەڵاتی موڵکی بابان دەڕوا کە ئێران و خاکی ڕەیە و بەزۆر دەیبەن وەک دینیش ئەم وڵاتە بەوڵاتی ڕفزی ناودەبات، کە تاوەکو ئێستاش زۆرێک لە موسڵمانانی سونی مەزهەب و بەتایبەت شوێنکەوتەی شافیعی شیعە بەڕافزی ناودەبەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سالم وەکو ئەدەبیات زیاتر کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسیی بەسەرەوە دیاربوە، ئەمەش بە هۆی بەشێک لەڕۆشنبیریەکەی و بنەماڵەکەی کە لە ئێرانەوە هاتون و پاشان ئاوارەیی و ژیانی لە ئێران وایکردوە شێوازی زمان و فەرهەنگی شیعریی سالم جیابێ (سالمی ساحێب قران، بەشێوەیەکی تایبەت پەروەردەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی مەزنی شاعیرانی فارسی زمان بوە، کە بەخەستی لەزمان و شێوازو فەرهەنگە شیعریەکەی ڕەنگیداوەتەوە) (دەشتی، 2021، 97).

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە سالم لاسایی ئەدەبی فارسی کردوتەوەو سەد لەسەد بە ڕێچکەی ئەواندا ڕۆیشتوە، بەڵکو سودی لە ئەزمونی شیعری ئەوان وەرگرتوە و خۆشی داهێنەرانە لەگەڵ ئەم شێوازەدا ڕەفتاری کردوەوەو خاوەن و داهێنانی خۆی بوە، لەڕوی سازکردنی زاراوەو زمانی شیعری تایبەت خۆی، دەستێکی باڵای بوەو خۆی زاراوە سازو داهێنەرێکی بەتوانا بوە (سالم خۆی زاراوەناس و پێکهاتە سازێکی تاك و دەگمەنە لەناو شاعیرانی هاوڕێیدا، لەزۆر ڕوەوە ئەم پێکهاتەو زاراوە سازیانە تایبەت بە جیهانی شیعری خۆیەتی) (دەشتی، 2012، 262).

ئێمە لەم تەوەرەدا ئاماژە بەزمان و فەرهەنگی زمانی و تایبەتمەندیەکانی زمانی شیعری لای سالم لەچەند باسێکدا دەخەینەڕو، بۆئەوەی بە وردی بتوانین شێوازی زمان و فەرهەنگی زمانی قەسیدەکانی سالم دەست نیشان بکەین و ڕۆڵی داهێنەرانەی سالم لەم لایەنەوە پیشان بدەین.

## یەکەم: زمان و چەمکی قەسیدەکانی سالم

شیعر بەگشتی خۆی لەچوارچێوەی وشەو واتادا دەبینێتەوە، بەتایبەت زمانی شیعری کە بنیاتی سەرەکییە، چونکە شتەکانی تر وەکو (قاڵب و کێش و سەروا،...هتد)لەچوارچێوەی زماندا بەرجەستە دەبن، زمان بنچینەی هەموویانە و هەرکام لەمانە ناتوانن لەدەرەوەی زماندا بونیان هەبێ، زمان مەیدانی بەرجەستەکردنی قاڵب و کێش و سەروایە و ئەو ڕەگەزانەش هۆکاری ڕێکخستنی زمان و گوێزەرەوەی سۆزو ئاوازەو جوانیی شیعرن، بەرجەستەکەری هزری شاعیرو گوێزەرەوەی سۆز و ستاتیکای شیعرین و جوانیی شیعر لەمانەدا خۆی بەرجەستەدەکات (زمان ڕەگەزی سەرەکی و یەکەمە لە بنیاتی قەسیدەی شیعری، هەمو شتاکانی تر دەبێت لە چوارچێوەی زماندا خۆیان بنوێنن و دەست پێبکەن) (ابراهیم، 2018، 37). لەگەڵ ئەوەدا کە زمان ڕەگەزی سەرەکی قەسیدەیە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەیادبێت، کە واتاش لە زمان کەمتر نییە، چونکە ناوەڕۆک و مەبەستی شیعری کاریگەریی هەیە لەسەر جۆری زمان ستاتیکیەتی زمانیش. زۆرێك لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەدەب و وشەو واتا بەدو ڕەگەزی سەرەکی قەسیدەی شیعری دادەنێن (وشەو واتا دو ڕەگەزی گرنگن لەڕەگەزەکانی قەسیدە)(بکار، 1982، 113).کەواتە ئەوەی ڕونە، ئەوەیە کە وشەو واتا دو لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی قەسیدەن و بگرە دو ڕەگەزی هەرە سەرەکیی قەسیدەن، هەروەها کە دەڵێین وشە مەبەستمان زمانە، چونکە زمانی شاعیر چ لە هەڵبژاردنی وشەکان و چ لە ڕێکخستنی وشەکان لەڕوی ڕێزمانییەوە خاوەن خەسڵەتی تایبەت و بەڵکو هەر شاعیرێك شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە. زمان لە شیعردا پێناسەی زۆری بۆکراوە لەوانە (مەبەست لەزمان ئەو وشە هەڵبژێردراو جوان و ناسك و پاراو مۆسیقادارە دڵگیرانەن، کە ڕستەی قەشەنگ و شیرین و بەتام و ڕێکوپێکیان لێ دروست دەکرێت و بیرو سۆزو ئەندێشەکەیان تیایدا دائەڕێژرێت. (بێدار، 2013، 38). بەگشتی ڕەخنەگرانی کۆن و نوێ لەسەر ئەوە کۆکن کە شیعر لەچەند ڕەگەزێکی سەرەکی پێکدێت، کە یەکێك لەوانە زمانە، کە سەرەکیترین و لەپێشترینە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ڕەگەزی سەرەکی و بنچینەییە و بەدوایدا ڕەگەزەکانیتردێن (ڕەخنەگرانی کۆن و نوێ هاوڕان لەسەرئەوەی کە پایەکانی شیعر چوارن: گوتە (وشە)، کێش، سەروا، واتا..) (الکبیسی، 2004، 9). بێگومان ئێمە ئاماژە بۆ هەموویان دەکەین، بەڵام لێرەدا مەبەستەکەمان لە زماندا کورت دەبێتەوە، کە بێگومان زمانیش خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەت بەخۆیەتی، شیعریەتی زمان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، تەنانەت لای شاعیرێکیش لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەگۆڕێت، و لە مەبەستێکی شیعرییەوە بۆ مەبەستێکیکی تری شیعری دەگورێت (هەمو شاعیرو نوسەرێك خاوەن وشەو زاراوەو فەرهەنگی تایبەت بەخۆیەتی، ئەمە وەکو دیاردەیەك لە سیماو ڕوخساری بەرهەمەکانیدا خۆی دەنوێنێت) (دەشتی، 2012، 261). لەم ڕووەوە زمانی شیعری سالم چ بەگشتی و چ لەڕوی زاروەسازی و واتایی و فەرهەنگی و ڕەمزو ڕەمزکاری زمانێکی تایبەتەو بەتایبەتیش زمانی قەسیدەکانی سالم، جیا لە زمانی غەزەلەکانی ئێمە پێشتر باسی زمانی غەزەلەکانیمان بە درێژی کرد، گوتمان زمانی غەزەلەکانی زمانێکی ناسك پڕلەزەت و لەهەمانکاتدا زمانێکی چنراوی وردو ئاڵۆزو تەمومژاوییە، شێوازی چنینی زیاتر لەسەر بنەمای سەبکی هیندی بونیادنراوە، بەڵام لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین زمانی قەسیدەکانی بخەینەڕو. زمانی قەسیدەکانی سالم بەگشتی زمانێکی تێکەڵە لە کوردی و عەرەبی و فارسی، کوردی کە زمانی سەرەکییە تێکەڵکراوە بە وشەی عەرەبی و فارسی، بەڵام وشەو دارشتەی فارسی زیاتر لە شاعیرانی تر دەوری خۆی بەرچاودەکەوێ، سەبارەت بە شێوازی زمانەکەش زمانی قەسیدەکانی سالم بەگشتی پڕیەتی لە وشەی نیشتمانی و نەتەوەیی و ناوی شوێنەکانی سلێمانی بەتایبەت، دۆڵ و شێو دێ و کانی..هتد

لەهەمانکاتدا پڕیەتی لەناوی دەشت ڕۆیشتوانی شار و کەسایەتیەکان و پیاوانی دەوڵەت، زمانەکە ئاسانتر لەزمانی غەزەلەکانی خۆی بەدەستەوە دەدات، ئەمەش ڕەنگە بۆئەوە بگەڕێتەوە، کە زمانی غەزەل زمانی هەست و سۆزێکی تایبەت

بە ناڵەی دەرونە، بەڵام قەسیدە زیاتر بۆ مەبەستی گەیاندنی بابەتی نیشتمانی و وەسف و ستایشە، ئەمەش ئاڵۆزی هەڵناگرێ بەقەد غەزەل.

زمانی قەسیدەکانی بەگشتی خەم و ماتەم و شینیان پێوە دیارە، بەڵام ئەمەش لە قەسیدەیەکەوە بۆ قەسیدەکی تر جیاوازە، چونکە ناوەڕۆك و مەبەستی قەسیدەکانی، جۆری وشە و شێوازی زمانەکە دیاریدەکەن، بۆیە سەیر دەکەین ناوەڕۆکی قەسیدەکانی سالم کە بریتین لە: (ستایش، وەسف، نیشتمانی، شین و شینگێری...هتد) هەریەکەیان بۆ گوزارشتکردن پێویستی بە کۆمەڵێك وشەو چەمکی جیاوازە، ئەگەر سیەری ئەم قەسیدەیە بکەین کە لەوەسفی پێغەمەبەری خاتەم (محمد)دا گوتراوە کە (21) بەیتە، دەبینین تەنانەت تیایدا وشەی عەرەبی زیاترە لە وشەکانی تر و زمانەکە غەم و ماتەمی پێوەنابینرێ:

ڕوبەڕوی نەقش و نگینی موستەفا
نوسخە تۆماری جەمیعی ئەنبیا
یا (موحەممەد)تۆی شەفاعەت خوازی خەڵق
بە هرەیابی لوتفی تۆن شاهو گەدا
بۆ تەوافی کەعبەیی تۆ تا حەشر
حەڵقەگێڕن جانی کوللی ئەولیا (کەسنەزانی، 1396، 671).

ئەگەر سەیری ئەم چەند دێرەکەین و وشەکانی (موستەفا، نوسخە، جەمیع، ئەنبیا، محمد، شەفاعەت، خەڵق، لوتف، تەواف، حەشر، حەڵقە، کول، ئەولیا) لەم سێ دێرەدا سێزدا (13) وشەی عەرەبی تێدایە، کە کۆی ئەم سێ دێرە (29) وشەیە، ئەمەش دەکاتە (3/1)یەك لەسەر سێی وشەکان، کە ئەمە دەکرێ بۆ تێکڕای قەسیدەکەش بە نزیکەیی ڕاستبێ.
زمانی ئەم قەسیدەیە زیاتر وەسفەو وەسفی کەسایەتی پێغەمبەری کۆتایە، بەڵام ئەمە لە قەسیدەیەکی تری هەر وەسفیشدا لەوانەیە جیابێ، بۆ نمونە ئەگەر نمونەیەك لە قەسیدەی وەسفی حاڵی خۆی و ئەسپەکەی وەرگرین جیاوازی لەخودی وشە وەسفیەکانیشدا دەبینین، کە بەڕاستی بەشێکی قەسیدەکە ڕاستە وەسفە، بەڵام شێوازی هەجوی لەخۆگرتوە، دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی لەپاڵ وەسفدا قەسیدەیەکی داشۆرینە:

حەسرەتا دڵ غافڵە، نازانێ قیسمەت چی دەکا
ئەمرۆ وا لێرەم بەڵام ئاخۆ بەیانی کوێم دەبا
شاتری تەقدیر کە پێشکەوت ڕاتەکێشێ و تۆ دەڕۆی
کاتێ دەیزانی کەوا خستوتیە ناو دامی بەڵا
نابەڵەد بێچارە بو دڵ، ئارەزوی ئارامیی کرد
هات و نەیزانی لەپڕ داکەوتە ناو چاهی جەفا
(حیللە) خورمایە، منیش مێشکی زۆر شیرین پەرەست
نەفسی سەرکەش ڕو لەخورمای کوردکوژی بەدفەڕ دەکا
گەردشی دەوران و جڵەو کێشی کرد بردیە ماڵی عارەبێ
چوم و دیم ئەمی نەچومایە، درێغا، حەسرەتا

لەباسی ئەسپەکەیدا سەرزەنشتی خانەخوێ دەکا لەچوارچێوەی مەدحدا:
خانەخوێم میوان نەوازە، وەرنە سەیری حورمەتم

دۆشەکی خۆم خاك و خۆڵ، سەر ڕاخەری ئەسپم سەما
شیشی سور بێنن وەرن خاڵیگەمان داخکەن بەجوت
چونکە ژانمان کرد من و ئەسپم لەبەر سەردی هەوا (کەسنەزانی، 1396. 660)

ئەم قەسیدەیە کە (32)بەیتە، وەسفێکی وردی حاڵی خۆی و ئەسپەکەی دەکان و لەهەمانکاتدا هەجوێکی جوانی عەرەب، بەتایبەت خەڵکی شاری (کەربەلا)[i] دەکا.

دیسان ئەگەر سەیری وشەکان بکەین (حەسرەت، غافڵ، قسمەت، تەقدیر، شاتر، حیللە، نەفس، حەسرەتا...هتد) لەم پێنج دێڕەدا (8) وشەی عەرەبی تێدان کە ئەمە لەچاو قەسیدەکەی تر کەمترەو زیاتر بە کوردی نوسراوە لەکۆی (66) وشە (8) وشەی عەرەبیە، کە ئەمە رێژەکە کەمترە لەچاو قەسیدەکەی تر، وشە فارسیەکانیشی کەمترە، کە (4) وشەی فارسی لەم چەند دێڕەدا بەدیدەکرێن، ئەوەش پێمان دەڵێت، کە جۆری بابەتەکە خودی زمانەکە دیاریدەکات، بەتایبەت لە قەسیدەدا، کە ناوەڕۆکی قەسیدە زیاتر (نیشتمانی و وەسف و پیاهەڵدان.. هتد)ن، کە لەگەڵ غەزەلدا جیاوازە، کە سالم بۆ بابەتی غەزەل بە تەواوی کاریگەری شێوازو زمانی فارسی بەسەریدا زاڵە، بەڵام لە قەسیدەدا دەکرێ ئەمە تاڕادەیەك جیاوازبێ.

## دووەم: فەرهەنگی زمانی قەسیدەکانی سالم:

وەك دەگوترێ سالم پەروەردەی فەرهەنگی زمانی فارسی و شاعیرانی مەزنی فارسی بوە، شیعرەکانی لەژێر کاریگەری فەرهەنگی شیعری ئەواندا نوسیون، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی وەکو گوتمان تەواو گونجاوە، چونکە ئەمە لە فەرهەنگی زمانی و شێوازی دارشتنی وشەکان و فەرهەنگی زمانی شیعریدا بەدیدەکرێ (سالمی ساحێبقڕان بەشێوەیەکی تایبەت پەروەردەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی مەزنی شاعیرانی فارسی زمان بوە، کە بەخەستی لەزمان و شێوازو فەرهەنگە شیعرییەکەی ڕەنگیداوەتەوە) (دەشتی، 2021، 97).

ئەم زاڵی فەرهەنگ و زمان و شێوازە تایبەتەکەیدا شتێکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام وەکو پێشتر گوتمان ئەمە هەم بەپێی بابەتی شیعری (غەزەل، قەسیدە، ..هتد) دەگۆڕێ (پێوەری دیاریکردنی شێواز سێ شتن، ڕونی، بەهێزی، ستاتیکا، ئەم سیفەتانەش یا ئەم شتانەش کارتێکراو دەبن بە دوشت: بابەت و شاعیر یان ئەدیب) (شایب، 1994، 259).

کەواتە بۆ دەستنیشانکردنی فەرهەنگ و شێوازی زمانی هەم بابەت و ناوەڕۆك گرنگەو هەم خودی شاعیر خۆی، چونکە هەر بابەت و ناوەڕۆکێکی شیعری فەرهەنگێکی تایبەت بەخۆی دەخوازێ و هەر دەقێك لەڕێی کۆمەڵێك وشەی تایبەتەوە خۆی نمایش دەکات، کەدەبێت ئەم فەرهەنگە زمانییە گونجاوبێت لەگەڵ مەبەستە شیعریەکە (دەقە ئەدەبییەکان لەڕۆڵی زمانەوە خۆیان نمایشدەکەن) (سڵێوە، 2019. 163).

ئەوەش ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێت، کە دەقێکی شیعری کە وەسفە وشەکانی جیان لە دەقێکی نەتەوەیی یان دەقێکی ئاینی، چونکە هەریەکەیان کۆمەڵە وشەیەکی تایبەت بەخۆی دەخوازێ، تەنانەت ئەو فەرهەنگەی دەقێکی لێ بەرهەم دێ بەپێی جۆری پەیامەکە دەگۆڕێ (ڕونی و ناڕونی، ناسکی و زبری) یا هەر شێوازێکی تر (پەیام  هەیە سروشتەکەی وایە، ڕونتربێ، پەیامیش هەیە وادەخوازێ سەنگین بێ، بۆ نمونە: ئەگەر پەیامەکە وەسف بو، ئەوا زمانی ناسك و ڕون جوانترە ئەگەریش پەیامەکە، پەیامی بەرەنگای و شەڕبو، ئاوا زمانی زبرو شێوازی توندو دەربڕینی ئازارهێن باشترە..) (عەبدوڵلا، 2020، 152).

ئەگەر لەم ڕووەوە بەپێی جۆری پەیامەکان سەیری فەرهەنگی قەسیدەکانی سالم بکەین ئەگەرچی بەگشتی باسی شەڕوشۆڕی داگیرکەران و وێرانبونی نیشتمان و ئاوارەبونی سەرانی میرنشینی بابان بەدیدەکەین، بەگشتی فەرهەنگێکی خەم ئامێزو حەسرەتاوییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە قەسیدەیەکەوە بۆ قەسیدەیەکی تر جیاوازەو جیاوازی فەرهەنگەکە

بەڕونی هەستی پێدەکرێت، بۆ ڕونکردنەوەی ئەم مەبەستەش ئێمە نمونەی چەند قەسیدەیەکی جیاوازی سالم لە (وەسف، نیشتمانی،..هتد) وەردەگرین و سەرنجی وشەو فەرهەنگی وشەکانی دەدەین، تا ئەو ڕاستیە ڕونتر پیشان بدەین.

1- بابەتی قەسیدەی یەکەم سەرکەشیی نەفس و گەڕانەوە بۆلای خودایە، کە بیخەینەڕو هەروەها وشەکانی پیشان بدەین:

بە خارچ تابەکەی سازندەبم بۆ جیفەی دونیا
لەبامی بێ نەوایی لێبدەم با تەپڵی ئیستیغنا
فەواقی بێ ئیفاقەی من یەکایەك نزگەرەیی حیرسە
تەکانی فەقرو بێ بەرگی، مەگەر ئەم عیللەتە دەرکا
درشتە لوقمەیی حیرسم، فرو ناچێت و ئازادم
مەراقی بێ نەوایی گەر بەمن ئەم سەدرەیە قەیکا
حەریسانی ئەمەل هەرگیز بەئاوی جیفە پڕنابن
تەمموزی حیرسە، پڕتابش تەمەع لەب خوشکی ئیستیسقا
لەناو زەرفی قەناعەتدا تەعامی دیگی دەروێشی
نەخۆی تادەست نەشۆی ئەوەڵ لە چرکی جیفەیی دونیا (کەسنەزانی، 1396، 655)

ئەم قەسیدەیە کە (24)بەیتە، باس و خواسی ناوەڕۆکی باسی خولیای نەفسی ئینسانە بۆ چڵکی دونیا و دەستگرتن بە دونیاوە بۆ ئەمەش لە کۆتاییدا، کە مرۆڤ دەبێ چۆن بژی دەگاتە ئەوەی کە بڵێ مرۆڤ دەبێ دەروێشانە بژی و جڵەو بۆ نەفسی شل نەکا.

ئەوەی جێی باسە ئێمە بە فەرهەنگی شیعرەکەیە، کە کۆمەڵێ وشەی تێدایە گونجاو لەگەڵ مەبەست و ناوەڕۆکی شیعرەکە(جیفەیی دونیا، تەپڵی ئستغنا، نزگەرە، حیرس، بێ بەرگ، عیللەت، لوقمەیی حیرس، فرۆناچێ، سەدر، قەی کردن، حەریسان، ئەمەل، ئاوی جیفە، تەمەع، لەب خوشك، ئیستسقا، قەناعەت، تەعام، دیگ، دەروێش، نەخۆی، نەشۆی، چرك، جیفەیی دونیا...)، ئەگەر سەیری وشەکانی ئەم پێنج بەیتە شیعرییە بکەین وەك نمونە ئەوا دەبینین هەمو وشەکانی بەدەوری مەسەلەی خواردن و چاوتێرنەبون و ڕاکردن بەدوای ئاوی بۆگەنی دونیا و تینوێتی نەشکان و دەم وشك بونە، کە سالم لەکۆی گشتی قەسیدەکە دەیەوێ پێمان بڵێ، ڕاکردن بەدوای تەماعی دونیاییدا تێنوێتی ئارەزوت ناشکێنێ و هەرزیاتر دەم وشك و ماندو دەبیت، ئەمەش پێمان دەڵێ فەرهەنگی شیعری ئەم بابەتە جیایە لە بابەتێکی تر، کە بریتییێ لە وەسف جا چ وەسفی حاڵ بێ یا وەسفی شتێك، یا باس و خواسی شەڕو شۆڕ.

2- سالم لە قەسیدەیەکی تردا کە وەسفی حاڵی خۆی و ئەسپەکەی دەکات و دەڵێت:

گورگە گورگییە ئەسپەکەم، خۆشم دەناڵم جاربەجار
ئەو لەداخی ئاخوڕ و جۆ، من لە حەسرەت جێ و چرا
ئەمن و بارگیری کوێت هەردو بنوین، بەشکم بەخەو
من ببینم ڕوی خۆراك و ئەو ببینێ ڕوی کا  (کەسنەزانی، 1396، 661)

ئەم قەسیدەیەش کە باسی حاڵی خۆیی و ئەسپەکەی و بەدخودی خانەخوێی عەرەب دەکات، کە چۆن خۆی و ئەسپەکەی شوێنێکیان نەبوە تێیدا بحەوێنەوەو شتێك نەبوە بیخۆن و سەرما لێی داون، دەبینین فەرهەنگە لەدو ڕووەوە جیایە لەوەی پێشو:

یەکەم: زۆر بەکەمتر وشەی عەرەبی و فارسی تێدا دەبینرێ.

دوەم: ئەو وشانەی هەن باسی حاڵی خۆی و ئەسپەکەی دەردەخەن و جیان لە وشەکانی تر بابەتەکە شتێکی تر بو.

(گورگەگورگ، ئەسپ، ناڵین، ئاخوڕ، جۆ، جێ، چرا، بارگیر، بەخەو، خۆراك، کا..) ئەمانە هەم وشەکان لەڕوی زمانەوە کوردین و هەمیش لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەدا دێنەوەو جیان لە وشەکانی پێشو، باسی تەماع و چڵکی دونیا و شەڕی نەفس.

3- سالم لە قەسیدەیەکی تری ستایش (نعت)ی پێغەمبەر (محمد صلی الله علیه وسلم)دا دەڵێ:

ڕوبەڕوی نەقش و نگینی موستەفا
نوسەخە تۆماری جەمیعی ئەنبیا
یا (موحەممەد) تۆی شەفاعەت خوازی خەڵق
بەهرەیابی لوتفی تۆن شاهـ و گەدا
بۆ تەوافی کەعبەی تۆ تا حەشر
حەڵقەگێڕن جانی کوللی ئەولیا
وەقتی کەشفی زمزەمەی ئیعجازی تۆ
گوم دەکا موسایی عمرانی عەسا
دا دەتاشێ حەق لە شەوقی تۆی نەبی
نوری مانگ و خۆر وەك سەنگ ئاسیا (کەسنەزانی، 1396، 671)

لەم قەسیدە (21) بەیتییەدا شاعیر زۆر جوان باسی کۆتا پێغەمبەر دەکات و وەسفی دەکات و باسی موعجیزەکانی و گەورەیی ئەو زاتە دەکات بۆ ئەمەش چەندین وشەی تایبەت بەکاردەهێنێ (نەقش، نگین، موستەفا، نوسخە، تۆمار، جەمیع، ئەنبیا، موحەممەد، شەفاعەتخواز، خەڵق، بەهرەیاب، لوتف، شاهە، گەدا، تەوف، کەعبە، حەشر، حەڵقەگێر، جان، ئەولیا، کەشف، زەمزەم، ئیعجاز، موسای عیمرانی، عەسا، حەق، شەوق، نەبی، نور..)

کە سەیری فەرهەنگی ئەم قەسیدەیە دەکەین، تاڕادەیەکی زۆر جایە لە دو قەسیدەکەی تر، هەم وشە عەرەبییەکانی زۆرن و هەمیش وشەکان تەعبیر لە وەسف و پیشاندانی کەسایەتی کەسێك دەکەن جیا لە هەمو ئەوانی تر.

4- یەکێ لە قەسیدە دیارو بەناوبانگەکانی سالم قەسیدەی (جانم فیدای سروەکەت)ە، کە نامەیەکی شیعرییە و سالم تیایدا وەڵامی پرسیارەکانی (نالی) دەداتەوە، کە ئەوکات لە دور وڵات بوەو ئەحوالی سلێمانی و بارودۆخی میرنشینەکە دەپرسێ و سالمیش بە قەسیدەیەکی (37) بەیتییەوە سەرەتای قەسیدەکە سالم وەسفی ئەو بایە دەکاو هانی دەدا کە نامەکەی بگەیەنێتە دەستی نالی، پاشان دەکەوێتە شەرحی بارودۆخی شارو خەڵکی شاری سلێمانی و ستەمی داگیرکەران، پاشان لە دێڕی یازدەهەمدا دەچێتە سەر باس و خواستی گەیاندنی نامەکەی و ئەحواڵی سلێمانی:

هیمەت کە چاپوکانە بە ئیجرایی مەتڵەبم
لەم سەر برۆ وەکو بەریدو لەوێ بێ وەکو تەتەر
بۆ موڵکی (شام) هـ نامەیی من، سوی (نالی)یە
هەر حەرفی ئەو لە وەزعی ویلایەت دەدا خەبەر
پرسیویە زاهیرەن لە موقیمانی یەك جەهەت
ئەحواڵی ئەهلی شارو ڕەفیقانی سەربەسەر
لەو ساتەوە حاکمی بابان گشت دەربەدەرکران
نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر
تابو بە جایی مەتلەعی خورشیدی بەختی ڕۆم

سوتا گیاهو تشنەو خوشکیدەبو شەجەر
ناکەن هەوای هیچ کەبابێ زەلیلانی شار
بریانە بەس لە ناری غەما پارەیی جگەر

فەرهەنگێکی جیاواز لەم قەسیدەشدا بەرچاو دەکەوێ (هیمەت، چاپوکانە، ئیجرا، مەتلەب، بەرید، تەتەر، موڵکی شام، سو، حەرف، وەزعی ویلایەت، خەبەر موقیمان، جیهەت، ئەحواڵ، ئەهلی شار، حاکمی بابان، دەربەدەر، چیهرە، جەوهەری هونەر، جا، مەتلەع خورشیدی بەختی، ڕۆم، سوتاگیا، ئەشنە، خوشکیدە، شەجەر، کەباب، زەلیلانی شار، بریان، نار، غەم، پارەیی جگەر،...هتد) دەبینین هەم وشەکان تێکەڵەیەکی فارسی و عەرەبین و هەمیش باسی هەوڵ پرسی و بێ ڕەنگی ئەهلی شارو سوتماك و وێرانەی شار بەدەست ڕۆمیەکانەوە پیشان دەدات، کە ئەمە کۆتایی قەسیدەکە بەم شێوە باسی کۆمەڵێك شوێنی شار دەکات وەکو (خانەقا، سەرچنار، شێخ ئەباس، شیوی ئاودار..) کە ئەمانەش شوێنی دیارو پیرۆزو جوانی شارن کە بون بە وێرانە.

یەکێ لە دیارترین قەسیدەکانی سالم، قەسیدەی (لێم گەڕێن با گۆشەگیربم...)ھ، کەباسی شەڕی بابانەکان[ii] لەگەڵ ڕۆمیەکان کە تیایدا وڵاتی بابان داگیردەکرێ، سالم لە قەسیدەیەکی (101)سەدو یەك بەیتیدا نائومێدی و ڕەشبینی خۆی و وێرانکاری ڕۆمیەکان پیشان دەکات:

لێم گەڕێن باگۆشە گیربم، دەستەو ئەژنۆ، کەف زەنان
گێژەڵۆکەی بای نەدامەت، تاری کرد سەفحەی جیهان
(شارەزور) بەحرو (سولەیمانی) لەسەرئاو، گەمیە ڕەنگ
بۆ شکستی وەك نەهەنگ بو، فیتنەیی ئاخیر زەمان
کێ دوعای کربێ بەسۆز ئەمساڵ لە کشتی (شەهرەزور)
دابباریێ لە ئەنحای تەرزە ڕۆمی ئاسمان
بەزمی سەیدی ئێمە، سەییادی فەلەك کارێکی کرد
ڕەنگە باڵای تیر قەدان، بێتە تەرکیی کەمان
زەعفی تالع جازبە وەك کەهروبا بۆ خوێن و دەم
سەیری چهرەی بەختی من کەن، بو بە ڕەنگی زەعفەران
تا دەگاتە...........
ڕەنگی سەحرای مەحشەری بو شیوەکەی لای (پیرمەسور)
گرمەگرمی تۆپی ڕۆمی، هەوهەوی سوارەی (بەبان)
پێشی دەمیان ئۆغلەمەی تۆپ پشتی سەر ئەو ئاگرە
گەییە چەرخی حەوتەمین لەو عانەدا ئاە و فوغان (کەسنەزانی، 1396، 688 – 700)

بێگومان لەگەڵ ئەوەدا ئەم قەسیدەیە درێژترین قەسیدەی (سالم)ھ، لەهەمانکاتدا یەکێکە لەو قەسیدانەی باسی شەڕو شۆڕی نێوان ڕۆمیەکان و بابانەکان دەکات و باسی سوتماك و وێرانەی دەستی ڕۆمیەکان دەکات، کە چۆن بون بە مایەی وێرانە و خوێن ڕژان و تێکچونی بارودۆخی وڵاتی بابان.

ئەگەر سەیری فەرهەنگی وشەکانی بکەین بەتەواوی لەگەڵ قەسیدەکانی تر جیان (گۆشەگیر، دەستەوئەژنۆ، کەف زەنان، گێژەڵوکە، بای نەدامەت، تار، سەفحەی جیهان، گەمیەڕەنگ، شکست، نەهەنگ، فیتنە، ئاخرزەمان، دوعا، ڕۆمی، تەرزە، سەید، سەییاد، تیرقەددان، تەرکیی کەمان، زەرفی تالع، چیهرە، بەخت، ڕەنگی زەعفەران، خەزان، تەمموز، غەم،

کەتان، مێحنەت، کەیل، مەیل، خوێن تێزاو، داخ، ئاگری نەگبەت، دەگڕا، ئاشوفتە، بەخت، تیرەڕۆژ، هەوری بەدبەختی، ڕەنگی قیر، ساعقە، بەرقی نحوسەت، بەردەباران، دەهری دون...هتد) کە ئەمە بەشێکن لە وشەکانی فەرهەنگی قەسیدەکە، کە تێکرا گوزارشت لە شەڕو شۆڕو بەدبەختی وێرانەی مولکی بابان پیشان دەدات.

لەم قەسیدەیەشدا وشەی عەرەبی و فارسی تێدا زاڵەو بەتایبەت فارسی، کە لە زۆربەی شیعرەکانیدا سالم فارسیەکەی زاڵە بەسەر عەرەبیدا، کە ئەمەش خەسڵەتێکی دیاری شیعری سالمە.

## سێیەم: ڕەمز لە قەسیدەکانی سالمدا:

ڕەمز لە شیعردا یەکێکە لەو دیاردە جوانکارییە باوەکان، کە شاعیران بۆ گەیاندنی واتای زۆر و چڕ بەکاریان هێناوە. ڕەمز کۆکەرەوەی واتای ڕون و ناڕونە، یا واتای دیارو نادیارە، کە وشەی کەم واتای زۆر لەخۆیدا هەڵدەگرێ. لەگەڵ ئەوەدا کەواتایەکی زمانەوانی و ڕونی هەیە، واتایەکی ستاتیکی و قوڵیشی هەیە، هەر بۆیە پێناسەی جۆربەجۆربۆ ڕەمزکراوە، (ڕەمز کۆکەرەوەی دو ڕەهەندە، بەڵکو کۆکەرەوەی دو جیهانە بۆ گوتار، کە یەکیان زمانەوانی و ئەویتریان جوانکاریی و نازمانییە) (ریکور، 2006، 97).

کەواتە ڕەمز واتایەکی زمانی و واتایەکی نازمانی و جوانکاری لەخۆدەگرێ، بگرە زۆرجار لە دو واتاش زیاتر لەخۆدەگرێ و دەڕوا بۆ واتای سێ یەم، دەگوترێ ڕەمز کەمی وشەو زۆری واتایە، چونکە وشەکان لەواتای زۆرچڕ باردەکرێن (ڕەمز لەڕوی زاراوەوە بریتی یە لە وشەی کەم کە واتای زۆر لەخۆدەگرێ، چ بە ئاماژەبێ یان نیشانەو قەرینە) (زهرەو سلوی، 2014، 13).

ڕەمز هەرجۆرێك بێت هەڵگری واتای زۆرە، شاعیر بەمەبەستی واتایەکی بەرزو جوان و چڕ پەنا بۆ ڕەمز دەبات، ڕەمز گەورەیی و ئەرێنی و نمونەیی بون و ڕەسەنایەتی پیشان دەدات.

(ڕەمز بەهاوڕایی تەواوی فەرهەنگەکان و تەواوی وەرگرتنی واتاکانی هەڵگری و واتای ئەرێنی و گەورەیی و نمونەیی بون و ڕەسەنێتی و....هتد) (برکاتی، 2009، 7)

ڕەمز گەورەیی و فراوانی واتا پیشان دەدات، لەهەمانکاتدا ڕزگاربونە لە درێژدادڕی و زۆربلێیی، کە ئەمەیان کاری شیعر نییە، بەڵکو ئەرکی شاعیر ئەوەیە پەیامەکەی پوخت و کورت و پڕ واتابێ، لەهەمانکاتدا ڕەمز بەرهەمی پەیوەندی نێوان ناخی شاعیرو دەوربەرە، شاعیر ڕەمزەکان لە دەوروبەرو ژینگەی خۆی هەڵدەبژێرێ (ڕەمز جۆرێکە لە پەیوەندی نێوان ناخی شاعیرو دەوروبەر، کە لەڕێگەی حەواسەکانەوە هەستی پێناکرێ، بەڵکو لەڕێگای خەیاڵ و ئەبستراکتەوە درکی پێدەکەین) (اسماعیل، 2002، 145).

کەواتە ڕەمز زادەی خەیاڵ و لەهەمانکاتدا ژینگەو دەوروبەری شاعیرە، چونکە هەم خەیاڵی شاعیر ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ و هەمیش ئەو واتایەی دەوروبەرو ژینگە پێیدەدات دەبێت بەبنچینەو بناغەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی ڕەمزەکە، هەروەها ڕەمز دەچێتە ناو زانستی ئاماژەوە یان زانستی واتا (زانستی ئاماژە وناسێنراوە، کە لێکۆڵینەوەیە لە واتا، یان زانستێکە لە واتا دەکۆڵێتەوەو دەیتوژێتەوە، یان بەشێکە لەو زانستی زمانەی کە بیردۆزەی واتا لەخۆدەگرێ، یان ئەو بەشەیە لە ڕەمز دەکۆڵێتەوە، تاکو بزانرێ چۆن دەبێتە هەڵگری واتا) (عمر، 1998، 11)

ئەگەر ڕەمز بریتی بێت لە ئاماژە و زانستی واتا، ئەوا لەهەمانکاتدا ئاماژەکە گوزارشتە لە دەوربەرو ژینگەو خەیاڵی شاعیر، کە خەیاڵی شاعیریش بە دوای شتێکدا دەگەڕی کە واتای لێ بارکا کە لەدەوروبەریدا هەبێ و نمونەیەکی زەق و بەرچاوی ناو کۆمەڵگاش بێ.

لەڕویەکی ترەوە ڕەمزەکان بەگوێرەی بابەتەکان دەگۆڕێن، چونکە بابەتەکان لەڕوی واتاو مەبەستەوە هەمەچەشنەن، ئەوا ڕەمزەکانیش هەمە چەشنەن، وەکو (ئاینی، نیشتمانی، کلتوری،..هتد)، کە ئەمەش لە قەسیدەدا بەتەواوی ڕونە، کە جۆری قەسیدەکە بەپێی مەبەست و جۆری ڕەمزەکەش دیاریدەکات، ڕەمزەکان لای سالم جۆربەجۆرن، چونکە قەسیدەی جۆربەجۆی لەڕوی مەبەستەوە نوسیون (کەم وایە پارچە شیعرێکی سالم هەبێت، خاڵی بێت لەچەند ڕەمزو ئاماژە، بۆ ڕوداوێکی مێژویی، داستان و ئەفسانەیەك، ڕەسم و نەریتێك یان زانیارییەکی گشتی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی) (دەشتی، 2021، 146).

بێگومان ڕەمز لە قەسیدەکانی سالمدا هاوشێوەی تەواوی شیعرەکانی تری لە (غەزەل و مولەممەع و چوارین، دوبەیتی،...هتد) پڕیەتی لە ڕەمزو ئاماژەی بەرزوجوان، ڕەمزەکانیش لە قەسیدەدا بەپێی مەبەستەکان دەگۆڕێن، بەپێی باس و بابەتی قەسیدەکان.

1- قەسیدەی ئاینی و دونیا نەویستی

لەم جۆرەدا چەندین ڕەمزی ئاینی تایبەت بەدیدەکرێن، کە لەگەڵ مەبەستە شیعرییەدا دێنەوە، ئەگەر سەیری قەسیدەی:

بەخارج تابەکەی سازندەبم بۆ جیفەی دونیا

لەبامی بێ نەوایی لێ بدەم با تەپڵی ئیستغنا (کەسنەزانی، 1396، 656)

ئەم قەسیدە (24) بەیتیە، کە باسی حاڵی دونیاو تەماعی دونیاو چاوبرسێتی مرۆڤە، دەیان ڕەمزی تێدا بەدیدەکرێن، لەوانە (جیفەی دونیا، دەروێش، عەنقا، دارا، ئوەیس کە مەبەست (ویس القرنی)یە، کە هاوەڵێکی پێغەمبەر بوە، شەیتان، عەلی، ئەدهەم) کە ئەمانە لە قەسیدەیەدا بەدیدەکرێن، ڕەمزی دیارن و واتای زۆر لەخۆدەگرن و سیمای قەسیدەکەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە باسی حاڵی نەفسی تەماعکارە.

2- لەپارچە قەسیدەیەکی تردا کە لەوەسفی (عەزیز بەگ) گوتراوە بەشێوەیەك کۆمەڵێ ڕەمز بەکارهاتون کە لەگەڵ مەبەستی شیعرەکەدا بگونجێن:

دەکا دونیایی پڕ شۆڕش بەدایم فیتنەها پەیدا

بە نەیرەنگ و فسون هەردەم لەهەر سوێ وەفا پەیدا (کەسنەزانی، 1396، 665).

لەم قەسیدەیەشدا کە (33) بەیتە وەسفی ئازایەتی و لێهاتویی عەزیز بەگ دەکات و ڕەمزەکانیش لەو مەیدانەدان (خوسرەو، ڕەنگی عەزا، ئەلبورز، توتیا، ماشیتە، گاوماهە، کیمیا، کراسی ڕۆمی، ئاوی بەقا، کێوی قاف، فیرعەون، عەسای موسی، عەزیز، یەعقوب)، ئەمانە کۆمەڵێك ڕەمزن شاعیر لە وەسفی ئازایەتی عەزیزبەگ وبەزین دوژمن بەرامبەری بەکاریهێناون، کە هەریەکەیان چیرۆکێکی لەپشتەو ئاماژەیەکی گەورەو پرواتای لەخۆگرتوە.

3- قەسیدەی وەسفی و پیاهەڵدانی پێغەمبەری کۆتا:

قەسیدەیەکی ستایش ئامێز کە (21) بەیتی شیعرییە، هەرچەندە بەشیعری ئاینی و قەسیدەی ئاینی دادەنرێ، بەڵام لەو ڕوەوە کە وەسفی کەسێکە، کە سەرداری ئاینە یان هەر فەرهەنگەکەی لە شیعری ئاینی و قەسیدەی ئاینی پێشو جیایەو وشەکانی تایبەت بەمەدح و ستایشن،

ڕوبەڕوی نەقش و نگینی مستەفا

نوسخە تۆماری جەمیعی ئەنبیا

یا موحەممەد تۆی شەفاعتخوازی خەڵق

بەهرەیابی لوتفی تۆن شاهەو گەدا

تا دەگاتە کۆتایی

بۆ ڕەواجی دین بە شمشێرو قەڵەم
کاتبت عوسمانە، شێرت مورتەزا
تێغی قەسابی قەزا وەك گوسفەند
گەردی کەعبەت جانی سالم کافیدا (کەسنەزانی، 1396، 671- 674).

ئەو ڕەمزانە، کە هەن (کەعبە، زەمزەم، ئیحرام، موسا، ئیدریس، سوعبانی موسا، گەنجی قارون، صدیق، فاروق، عوسمان، مورتەزا...) ئەمانە چەندین ڕەمزن کە ڕەمزەکانی بەشێکیان شوێن و بەشێکیان کەسایەتیەکان و بەشێکیان حاڵ و دۆخن، لەکۆی شیعرەکەدا شاعیر وەسفی گەورەیی پێغەمبەرو ئەو خەڵاتانەی بەئەو دراون دەکات و بەمەش وەسفێکی جوانی پێغەمبەری خاتەم دەکات.

4- چەند قەسیدەیەکی تری نشتیمانی سالم هەن، کە ڕەمزەکانیان چیان لە ڕەمزی قەسیدەکانی ترو کۆمەڵێ ڕەمزی نیشتمانی ونەتەوەیی تیایاندا بەدیدەکرێ، کە لەگەڵ واتاو مەبەستی ئەو قەسیدانەدا دێنەوە، ئەوانیش هەریەك لە قەسیدەکانی (جانم فیدای سروەکەت) کە نامەیەکە بۆ (نالی) و وەڵامی نالی دەداتەوە باسی بارودۆخی سلێمانی بۆ دەکات.

جانم فیدای سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
وەی پەیکی شارەزا لە هەمو ڕاهی پڕ خەتەر (کەسنەزانی، 1396، 675).

(ئاوی حەیات، حاکمی بابان، سەیوان، خانەقا، سەرچنار، شێخ ئەباس، شیوی ئاودار، کانی ئاسکان، عەنکەبوت) ئەمانە کۆمەڵێ ڕەمزی شوێنن، کە تیایدا بەدیدەکرێن، شاعیر لە شیعرەکەدا باسی وێرانەی دەستی تورك دەکات، کە چۆن شاڵاوی هێناوەو سلێمانی کردوە بە وێرانە.

بەگشتی ڕەمزەکانی ناو قەسیدە لای سالم جیان لە ڕەمزە شیعرییەکانی ناو غەزەلەکانی، لەناو قەسیدەشدا، قەسیدەکانی نەعت و وەسف و ئاینی زیاتر ڕەمزەکانیان وەسفی ئومێدبەخشن، بەڵام ڕەمزەکانی ناو شیعرە نیشتمانیەکانی زیاتر خەم و نائومێدی و شەڕو شۆڕیان پێوە دیارە، چونکە ناوەڕۆکی بابەتەکان وادەخوازێ. ڕەمزەکان بەگشتی سەرچاوەکانیان ئاینی و کلتوری و مێژوین، بەتایبەتیش ڕەمزە نەتەوەی و کلتورییەکان زیاتر بەلای ئەدەبیاتی فارسیدا دەشکێنەوە.

## ئەنجام

١-لەم توێژینەوەیەدا باس لەوەکراوە کە زمان گرنگترین بنیاتە لەناو بنیاتە هونەریەکانی شیعر بەگشتی و زمانی قەسیدە بەتایباتی، هەروەها زمان هەڵگری واتاومەبەستە و بێ زمان ناتوانین پەیام و مەبەستی ناخمان بگەیێنین.

٢-فەرهەنگی زمانی و ڕەمز دو خاڵی گرنگن لە بنیاتی هونەریی زمان لە قەسیدەدا کە جیان لەبنیاتی شیعری غەزەل و هەم فەرهەنگی تایبەت بەخۆی هەیە و هەم ڕەمزی تایبەت بەخۆی.

٣-بنیاتی هونەریی زمانی قەسیدەکانی سالم جیایە لەبنیاتی شیعرەکانی تری و تەنانەت زمانی قەسیدەکانی لەقەسیدەیەکەوە بۆ قەسیدەیەکی تر جیان.

٤-فەرهەنگی زمانی و ڕەمزی قەسیدەکانی سالم جیان لەفەرهەنگ و ڕەمزی غەزەلەکانی و تەنانەت فەرهنگی زمانی و ڕەمزەکان لە قەسیدەیەکەوە بۆ قەسیدەیەکی تر جیان و بەپێی مەبەست و ناوەڕۆک زمان و فەرهەنگی هەرقەسیدەیەک بۆ قەسیدەیەکیتر دەگۆڕێن و هەرقەسیدەیەک ڕەمزو فەرهەنگی تایبەت بەخۆی هەیە.

## سەرچاوەکان


ابراهیم، محسن وحید(2018)م، بنیة القصیدة فی الشعر الحکیم الندوی الداودی، طبعة الاولی الفداء.

اسماعیل، د.ئەرسەلان بایز (٢٠٠٢)، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین، سەردەم.

البرکاتی، السعدی(2009م)، الرمز التأریخی و دلالته فی الشعر العزیدین میهوبی.

البکار، د.یوسف حسین (1982م)، بناء القصیدة، الاندلس.

الکبیسی، طراد(2004)م، فی الشعریة العربیة، دمشق.

بۆرەکەیی، صدیق (1375ھ)، مێژوی وێژەی کوردی، چاپخانەی چهر، تبری.

بێدار، جمال طیب الله (2013ز)، دەروازەی شعر ناسین، چاپی یەکەم، نارین.

توفیق، د.ئاڤان عەلی میرزا، ٢٠١٢ز، چنینی دەق لەشیعرەکانی نالیدا،چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

دەشتی، د.عوسمان(2012ز)، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعری، چاپخانەی هاشم، هەولێر.

دەشتی، د.عوسمان(2021ز)، سالمی ساحێب قران باس و لێکۆڵنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ریکور، بول،(2006م)، ت. سعید الغانمی، الطبعة الثانیة.

زهره وسلوی، طراد و طماش(2014م)، جمالیة الرمز فی دیوان (انفاس الیل)، للاحمد درویش، رسالة ماجستیر.

سابر، د.پەرێز، ٢٠٠٦ز، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر.

سڵیوە، د.هاوژین (2019ز)، ڕەخنەی پراکتیکی، چاپی دوەم، چوارچرا.

سەعید، د.ناز أحمد، ٢٠١٧ز، دەنگی مستەفا بەگی کوردی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

شایب، احمد(1994م)، اصول النقد الادبی، طبعة العاشرة، نهضة المصریة.

عبدالله، د.ادریس(2020ز)، زمان و شێواز، ماردین.

عمر، احمد مختار (1998م)، علم الدلالة، طبعة الخامسة، قاهره.

عمر، بوشتة، ٢٠١٨م، علم الدلالةوظائف الغة.

فضل، د.صلاح، ١٩٩٨م، علم الاسلوب، طبعةالاولی، دارالشروق، قاهرة.

قطب، سید، ٢٠٠٣م، النقدالادبی أصلەومناهجهه، طبعةالثامنة، دارالشروق.

کەسنەزانی، اسماعیل(1396ھ)، دیوانی سالم، سندج.

کوهن، جان، بنةالغة الشعریة، ١٩٨٦م،ت.محمدالوالی ومحمدلاعمری، طبعةالاولی.

نورالدین، قارة مصطفی، ٢٠١٠م، النص الادبی من النسق الموغلق الی النسق المفتوح.


پەراوێزەکان؛

[i] . کەربەلا ئەو شارەی کە خەڵکەکەی لەجیاتی پێشوازی لە ئیمامی حوسەین پشتیان بەرداو بە کوشتنیاندا.

[ii] . باسی شەڕی عەزیزبەگی بابان لەگەڵ ئیسماعیل پاشای ڕۆمی لە ساڵی 1266کۆچی و داگیرکرانی وڵاتی بابان (کەسنەزانی، 1396، 688).